## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٨٣) لە ٢٠٢٥/٦/١٨

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و دوابەدوای بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٤٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٣/١٩ تایبەت بە دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی گشتی، و ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی فیدراڵ ژمارە (١١٦٢) لە ٢٠٢٥/٤/٩، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٤) لە ٢٠٢٥/٦/١٨، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی گشتی لەسەر میلاکی هەمیشەیی وەزارەتی تەندروستی بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.
٢. وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان مووچە و دەرماڵە و شایستەکانی دیکەی دەرچووانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە لە ئەستۆ دەگرێت.
٣. ڕاسپاردنی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی لیستی ناوی دەرچووانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە دوای پێداچوونەوە و وردبینیکردنی لیستی ناوی دەرچووان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە و ئەنجومەنی گشتی ڕاژە بەمەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی سەرجەم مەرج و پێداویستییەکانی دامەزراندن بەپێی یاسا و ڕێنمایی یە بەرکارەکان.

٤. گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**